## لەتیفی حاجی فەرەج

# ساڵی ١٩٨٣ بە فەرمانی پارتیی پانزە هەزار دینارم دا بە ئاڵای شۆڕش بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکێتیی، ئەگەر ئەو پلانە سەریبگرتایە یەکێتیی شەش کەسی نەدەمایەوە



**دیداری ئەحمەدو هێمن و یاسن**

**فۆتۆ : هێمن**

● لەتیفی حاجی فەرەج یەکێکە لە سەرکردە مەیدانییە سەربازییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی، وەکو خۆی دەڵێت 23 ساڵ لەناو پارتیو دەزگای پاراستن کاریکردووەو بۆ 13 ساڵیش دەچێت هاتووەتە ناو یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە. کە پارتی بووە کەسی نزیكو باوەڕپێکراوی ئیدریس بارزانیو مەسعود بارزانی بووە، ئێستاش لە هەموو کەس زیاتر نزیکە لە مام جەلال-ەوە، حاڵی حازر راوێژکاری تاڵەبانییە لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق.

لەتیفی حاجی فەرەج لە نزیکەوە ئاگاداری بڕیارە سیاسییەکانو کێشەی ناوخۆی حزبەکانەو لە هەموو شت گرنگتر ئەوەیە بەڕاشکاوی دەستدەخاتە سەر کێشەکانو بێپەردە باس لە شتەکان دەکات، بەر لە راپەڕین، لەتیفی حاجی فەرەج بەرپرسی رێکخستنی ناوشاری سلێمانی پارتیو بەرپرسی پاراستنی سلێمانی پارتیو بەرپرسی دەزگای پەیڕەوانی رێبازی بارزانی بووە کە سەر بە کاك مەسعود بووە.

بۆ خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی 1983 نوێنەری پارتی بووە بۆ جیاکردنەوەی ئاڵای شۆڕش لە یەکێتیی بە سەرۆکایەتی مەلا بەختیار، لەمبارەیەوە دەڵێت: "بە فەرمانی پارتی پانزە هەزار دیناری ئەو سەردەمەو ئامێرێکی چاپی فۆتۆکۆپیم پێدانو گەردوونی برای شەهید بێستوون بۆیبردن بۆ بەری قەرەداغ".

ئەو وتی: "سەعاتی سفرمان دانابوو بۆ راگەیاندنی جیابوونەوەی ئاڵای شۆڕش لە یەکێتیی ئەگەر ئەو پلانە سەریبگرتایە، هەر ئەو کاتە باڵێکی بەهێز لە یەکێتیی جیادەبووەوەو یەکێتیی شەش کەسی نەدەمایەوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی من نەمتوانی ئەو بروسکەیەی کە پێمبوو لە کاتی خۆیدا بیگەیەنمە مەلا بەختیار، پلانەکە هەڵوەشایەوەو لەلایەن کاك جەبار فەرمانو ئەوانەوە مەلا بەختیار دەستگیرکرا".

هەرچەندە لەدوای رووداوەکانی ساڵی 1996ەوە چۆتە ریزی یەکێتیی نیشتیمانییەوە، بەڵام بەخێرایی توانی جێگای خۆی لەنێو ئەو حزبەدا بکاتەوەو ببێتە جێگای متمانەی سەرکردایەتی ئەو حزبە، بەتایبەتی کەسی یەکەمی حزب کە خودی تاڵەبانییە.

لەگەڵ ئەوەی بەبەردەوامی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو باڵی هیچ کەسێك نییەو کوتلەبازی ناکات، بەڵام بۆچوونەکانی واپیشاندەدات کە کەسی نزیکی تاڵەبانی بێت، لەبەرئەوەی لەتیفی حاجی فەرەج یەکێك بووە لە بەشدارانی پلینۆم، لڤین بە هەلی زانی کە دیدارێکی لەگەڵدا بکاتو چەندین پرسیاری ئاراستە بکات، لەوانە ناکۆکییەکان لە کاتی پلینۆمو دوای پلینۆمدا، هەروەها بابەتی فایلدارەکانی ناو یەکێتییو باڵادەستی بنەماڵەی تاڵەبانی بەسەر دارایيو سیاسەتی یەکێتییدا.

**لڤین: لە پلینۆمەوە دەستپێدەکەین؛ خەڵکی بەگشتیو کادرانی یەکێتیی پێیانوایە پلینۆم نەیتوانیوە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** پلینۆم لەسەر بنەمای ئەوە دروستبوو کە تەکەتول نەمێنێت، تەکەتول بوو یەکێتیی کردبوو بە چەند پارچەیەکەوە. کوتلەیەکیان سەر بە کاك کۆسرەت بوو، کوتلەیەکی تر سەر بەکاك نەوشیروان بوو، کوتلەیەکیش سەر بە مام جەلال بوو. ئێمەش هەڵبژاردنی ئەم جارە (منو کاك حامیدی حاجی غالیو مەحمود سەنگاویو عەتا سەراوی) دابەشبووین بەسەر ناوچەکانی هەڵبژاردندا بۆ ئەوەی هێمنی هەڵبژاردنەکان بپارێزین، بەڵام لەلایەن هەندێك برادەرەوە کە زۆر بەتوندی ئیشی بۆ تەکەتولی خۆی دەکرد زەختمان لەسەربوو، ئێمەش سەردانی هەموو ناوچەکانمان کرد. هەموو کەس ئاگادارە کە باڵی گشتی لە هەڵبژاردنەکاندا کە باڵی مام جەلالە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەرچەندە مام جەلال نە تەکەتولی هەبووەو نە تەکەتولیشی کردووەو ئەو حەز بە پاراستنی یەکێتیی ناو یەکێتیی دەکات، بەڵام لەم دواییانەدا کە لە بەغدا بوو، برادەران ئیمزایان کۆکردبووەوە دژی مام جەلال، ئیتر شتەکە قورستربوو بۆ ئەو. خۆتان دەزانن لە هەموو هەڵبژاردنێکدا فێڵ لە یەکتری دەکرێت، ئیتر ئەنجامەکەی ئەوە بوو جەنابی کاك نەوشیروان کە دەیویست چاکسازیی بکاتو گەندەڵی نەهێڵێت لە حزبو حکومەتدا،

سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، ئەوە بوو کاك نەوشیروان کشایەوە، دوای ئەوە بەمەبەستی پاراستنی یەکێتیی پێویست بوو پلینۆم رابگەیەنن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، پلینۆم دەسەلاتی ئەوەی هەیە 3/2ی سەرکردایەتی بگۆڕێت، بەلام ئەمجارە بۆ ئەوە نەبوو، بەلکو بۆ چەند شتێکی تر بوو. لەوانە تاووتوێی بابەتی فایلەکانی چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیی، لیژنەیەك پێکهات بە سەرپەرشتی د.کەمالو جەمال ئاغاو چەند کەسێکی تر. لە پلینۆمدا رایەك دروستبوو کە ئەو کەسانە هەستنو باسی خۆیان بکەن، چییان کردووەو چییان نەکردووە، هەموو ئەوانە برادەرمانن ئەگەر شتێکی واشیان کردبێت دیارە بۆ پاراستنی مالو مندالو کەسوکاریان ئەو کارەیان کردووە، ئیتر ئێمە دەبینین لەو مەسەلانەدا هەندێك کەس خۆڕاگرەو هەندێك کەسی دیکەش دەڕوخێ، لە شۆڕشدا چەند کەسێك هەن نارِوخێنو خۆڕاگرن وەکو کاك شەهابو هاورێکانی کە ئیعدامکران، بەلام دیارە ئەم برادەرانەی تر نەیانتوانیوە خۆڕاگربن. من پێموایە هۆکاری باسکردنی فایلەکان دەگەڕێتەوە بۆ تەکەتولەکانی ناو یەکێتیی کە دەیانویست یەکتری بشکێنن، ئەمجارە لە پلینۆمدا مام جەلال بۆ ئەوەی یەکڕیزیی حزب بپارێزێ لێبوردنێکی رایگەیاند، چونکە ئەو شتە راستنەبووەو لیژنەی لێکۆلینەوەش هەیەو ئەگەر شتێکی واهەبێت با بمێنێتەوە تا کاتی کۆنگرەو لەوێدا ئیعلانبکرێت، بەلام بەهەرحال مام جەلال دووربینەو نەیویست بارودۆخی ناو حزبەکە تێکبچێت، لەوەیە برادەرێك هەلەیەکی کردبێت، دیارە کۆمەلێك برادەری دیکەش عاجزدەبنو لێی دووردەکەونەوە، یەکێتیی نیشتیمانی دوژمنی زۆرەو دوژمنەکانی هەموو لە سەنگەردابوون بۆی، ئەوەتا خۆتان دەبینین لە کەنالەکانەوە چەندە بە خراپ باسی یەکێتیی دەکرێت.. دوای ئەوەی مام جەلال وتارەکەی خوێندەوە لێبوردنی ئەو برادەرانە خرایە دەنگدانەوەو ئەوەش لە دەسەلاتی پلینۆمە کە لە یەکێك خۆشبێت یان نا، راستە هەندێك نارەزایی هەبوو کە هەندێك برادەر هەستانو وتیان؛ ئێمە برامان شەهیدبووەو لە ئەنجامی ئەمانەوە بووە کە ئەوان شەهیدبوون.

من حەزدەکەم شتێکی حەقیقەتتان بۆ بگێڕمەوە لە فایلەکانی شوعبەی موخابەراتی کەرکوك کە ئێمە چووین فایلەکانمان هێنا، خەلکی تێدابووە دەلێت فلانی کوڕی فلان دوو گەنجی پێشمەرگەی بەگرتداوەو ئیعدامکراونو (120) دیناریش بەخشیشی وەرگرتووە، دیارە حەقە ئەمە بگیرێتو لەسێدارە بدرێت، ئەم برادەرانەی کە باسدەکرێن فایلیان هەیە، شتێکی مەلموس نییە کە شتێکی وایانکردبێت، بەلام زیاتر خۆتان دەزانن کە یەکێتیی دوژمنی زۆرەو ئەوانەی لەناو یەکێتیی لایانداوە یان ئەوانەی لە ئەوروپا بوون، هەندێ شت دەنووسرا زیاتر بۆ شکاندنی ئەو برادەرانە بوو.

**لڤین: دەوترێت پلینۆم ئیعلانی سەرکەوتنی کوتلەی تالەبانی بووە؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** کوتلەکان هەموویان یەکێتیین، بەلام دیارە کۆمەلێك خەلك ئەم کوتلەو کوتلەبازییەیان دروستکرد بۆ ئەوەی پێی بچنە پێشەوە، ئێستە زۆر کەس هەیە وەزیرە یان سەرکردایەتییە، یان بەرپرسی مەلبەندە، ئەگەر کوتلە نەبووایە نەدەچووە پێشەوە، بە حەقی خۆی نەچووەتە پێشەوە، لەبەرئەوە مام جەلال چارەسەری حزبەکەی بەوشێوەیە کرد، خۆشتان دەزانن مام جەلال تەمەنێکی دوورودرێژی هێناوەو نایەوێت لە ئێستادا حزبەکەی ئینشیقاقی تێبکەوێت. راپۆرتەکەی مام جەلال راپۆرتێکی زۆر خراپ نەبووو زۆر باش بوو بۆ ئەو رۆژە دەبووایە راپۆرتەکە وابووایە، دەبووایە راپۆرتەکە بارودۆخی یەکێتیی بپارێزێت، ئێستاش بارودۆخی یەکێتیی بەرەو باشتر دەڕوات. کادرەکان بەخۆیاندا دەچنەوەو ئەو تەکەتولەش بۆ خۆی ژەهرێکی کوشندەیەو پێویستە لەناوبچێتو من خۆم ئایندەیەکی باش دەبینمو رەنگە لە کۆنگرەدا ئەگەر مانگی دە بگیرێت کۆتایی پێبێتو لەوانەیە سەرکردایەتییەکی باشتر بێتە پێشەوە.

**لڤین: بۆ لە پلینۆمدا ئەنجامی لیژنەی لێکۆلینەوەی فایلەکان نەخرایە ڕوو لە کاتێکدا لیژنەی لێکۆلینەوە لە فایلەکان خۆیان ئامادەبوون لەوێدا؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** خرایەڕوو، بەلام بەتێکڕایی دەنگ عەفووکران، لەوکاتەدا مام جەلال داوای عەفووی بۆ کاك شالاوی عەلی عەسکەریش کردو بەوهۆیەوە جەمال ئاغا توڕەبوو، چووە دەرەوە، بەلام دوایی هێنایانەوە بۆناو هۆلەکە، د. کەمال فوئاد-یش وتی من پاشگەزنابمەوە لە لێکۆلینەوەکە. دیارە ئەوانیش بێتاقەت بوون لەوەی کە پرسیان پێنەکرابوو، چونکە دەبوو ئەوان سزای فایلدارەکان بدەن نەك پلینۆم، بەلام بەهەرحال ئەوەی کرابوو بۆ پاراستنی حزب بوو لە ئینشیقاقو دووبەرەکیو دوورکەوتنەوە لە حزب.

**لڤین: دەوترێت زۆربەی ئەوانەی کە فایلیان هەیە لە سەرکردایەتی لە کوتلەی تالەبانینو سوربوونی مام جەلالیش بۆ لێبوردن لە فایلدارەکان هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** ئەوانەی کە باسکران یەکێتیین، کوتلەی مام جەلال نین، مام جەلال وەك باوکێك وایەو لە واقیعیشدا هیچیان کوتلەی ئەو نین.

**لڤین: بەلام کەسێکی وەکو سەعدی ئەحمەد پیرە، پالێوراوی کوتلەی ئەو بوو بۆ بەرپرسی مەلبەندی هەولێر؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** کاك سەعدی ئەحمەد پیرە پیاوێکی بەتوانایە، توانی جێدەستی خۆی دەرخات لەم چەند سالەی دواییدا، بەلام کاك سەعدی دیارە ناکۆکی هەبووە لەگەل برادەرەکانیدا کە سەرەنجام ئەوەشیان بۆ دروستکرد، خۆتان دەزانن ئەوەی کە لە مام جەلال نزیکبێت ئەوانی دیکە دیعایەی بۆ دەکەن، ئەوەی لەکاك کۆسرەت نزیك بێت ئەوانی دیکە دیعایەی بۆ دەکەن، ئەوەش کە لە کاك نەوشیروان نزیك بێت ئەوانی دیکە دیعایەی بۆ دەکەن. لەبەرئەوە چ کاك سەعدی و چ کاك ئاسۆ ئەلمانیو چ کاك مستەفا چاوڕەش یان کاك شالاو هەموویان بێتاوانن. من ئێستاش داوادەکەم ئەگەر بەلگەیەك یان شتێکی مەلموس هەیە کە ئەوانە شتێکیان کردووە، با بخرێتەڕوو. من ئێستا بەلگەم لایە کە خەلك ئەنفالی کردووەو ئێستا لەناوماندا دەژینو بگرە حزب یارمەتییان دەدات. لەبەرئەوە بەڕای من باشتروایە پەڕەیەکی سپی هەلبدرێتەوە، من ترسی ئەوەم هەیە ئەگەر سبەینێ شتێك لەم ناوچەیەدا رووبدات کۆمەلێك فایلی تریش لەودیوەوە دەربکەوێت، موخابەراتی سورییمان هەیە، لەوانەیە خەلکێك موخابەراتی تورکی یان ئێرانی بێت، ئەو شتانەی من لە شوعبەی ئیستیخبارات بینیم وایلێکردم بلێم کورد هەمووی سەر بە حکومەت بووە، ئەم هەموو فەردەیەی کە من هێنامەوە لەوشوێنە هەمووی ناوی جاسوس بوو، وایلێهات تاقەتمان نەما سەیریبکەین، ئەو خەلکە دوای راپەڕین چ پێویست دەکات پەیوەندیی بە حکومەتەوە بکات، ئەوانەی دوای راپەڕین پەیوەندییان بەحکومەتەوە کردووە، هەر ئەوانەن کە لەپێش راپەڕیندا سەر بە حکومەت بوون.

**لڤین: ئایا پلینۆم دەسەڵاتی لێخۆشبوونی فایلدارەکانی هەیە لە کاتێکدا ئێمە پەرلەمانو دادگامان هەیە، ئەمانە ئەگەر خیانەتیان کردبێت، خیانەتیان لە گەلی کورد کردووە، بۆچی یەکێتیی ئەم دادگاییکردنە ناداتە دەستی حکومەت؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** هەر حزبەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەگەر یەکێتیی فایلی هەبووبێت ئەوا هەموو حزبەکانی دیکەش فایلیان هەیە. من وەکو وتم یەکێتیی دوژمنی زۆرە، لەوانەیە پەلەش کرابێت لەوەی کەمێك زوو باسی فایلەکانیان کرد، دەبووایە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرایە، پاشان ئیعلان بکرایە نەکو ناوزڕاندنی تیابێت. بەڵام من پێتدەڵێم ئەگەر یەکێك خیانەت لە کورد بکات، حەقە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی هەبێتو لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکات، وابزانم ئێستا پەرلەمان بۆ خۆی لیژنەی هەیە، بەڵام ئەو لیژنەیە بۆ بەو کارە هەڵنەستاوە؟ پەرلەمانی کوردستان ئەگەر بەڵگەی لایە ئێستاش دەتوانێت فایلدارەکان بانگبکات، بەڵام ئایا دەکرێت لەم کاتەدا کە کاتی نزیکبوونەوەی پارتیو یەکێتییە ئەم کارە بکەین؟ من بڕوام وایە هەر کەسێك لەوانەی کە فایلی هەیە لە ناخی خۆیدا ئەوەندە خۆی دەخواتەوە هەتا تووشی نەخۆشی دەبێتو لێدەبێتەوە. ئەوەی کە فایلی هەیەو ناوی بڵاوکراوەتەوە بۆ خۆی خۆی دەناسێتو دەزانێت کە خائین بووەو فایلی هەبووەو خۆی باش دەزانێت بایی چەندە، لەبەرئەوە ناوزڕاندنی ئەو برادەرانە راستبێتو راستنەبێت تازە لەناو میللەتەکەدا شکان.

**لڤین: دەوترێت مام جەلال لیستی تایبەتی خۆی هەبووەو ویستوویەتی کوڕەکانی خۆی بەرێتە پێشەوە، بەڵام بۆی نەکراوە، ئایا مام جەلال بەدوای شێوازێکی پارتییانەدا دەگەڕێت بۆ یەکێتیی؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** مام جەلال لەوە گەورەترە کە ئەو کارانە بکات، نە کوتلەی هەیەو نە لیستی هەبووە، مام جەلال پیاوێکی خۆشەویستە لەناو یەکێتیدا، خوا ئەوە بگرێت کە دەیەوێت بێتاقەتی بکات، مام جەلال تەمەنێکی هەیەو حەق نییە وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت... کاتێك شارۆن لە کۆبوونەوەدا جەڵدە لێیدا، وەزعی ئیسرائیل تێکچوو، کاتێك مەلا مستەفا کۆچی دواییکرد، کاك ئیدریسو کاك مەسعود پێگەیشتبوونو حزبەکەیان گرتە دەست، بەڵام مام جەلال خەلیفەی نییە.

**لڤین: ئێستا خەڵکی ناو یەکێتیی دەپرسێت؛ ئایا لەدوای مام جەلالەوە کەسێکی دیکە هەیە جڵەوی یەکێتیی بگرێتەدەست؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** ئێستا نەخێر؛ لەم حاڵەتەدا نەخێر، کەسێك نییە جێگەی بگرێتەوە، هەرچەندە مام جەلال ئێستا تەندروستی باشە، لەم رۆژانەدا د. محەمەد خۆشناو چووبوو فەحسی کردبوو، وتی مام جەلال هیچی نییەو ئێستاش بۆکس لەهەر یەکێکمان بات دەمانخات، ئەو برادەرانە هەموویان بۆ خۆیان نەخۆشنو مام جەلال هیچی نییە. لەدوای پلینۆم رقو کینەیەك لەنێو کوتلەکاندا دروستبووەو دەبێت ئەم رقو کینەیە لەم کۆنگرەیەدا نەمێنێت.

**لڤین: لە کۆنگرەدا؛ مام جەلال سکرتێرییەکەی مسۆگەرە؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** ئەوە مام جەلال خۆی دەتوانێت بڕیاربدات، بەڵام پێموایە مام جەلال ئەگەر لەسەر کورسییەك دابنیشێتو تۆپەڵێکیشی مابێتەوە وەکو رەمزێك بۆ یەکێتیی گرنگە، هیچ کەسێك تامی مام جەلال نادات.

**لڤین: مام جەلال ئەجێندایەکی هەیە بۆ ئەوەی کوڕەکانی خۆی بێنێتە پێشەوە؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** ئەگەر سەیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەی هەموو ئەو سەرۆك حزبو سەرۆك کۆمارانە کوڕەکانی خۆیان دەهێننە پێشەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە سیقەی پێیەتی. کاك قوباد نوێنەری یەکێتییە لە ئەمریکا، لە هەرجێگایەکدا بێت بە جوهدی خۆی گەیشتووە پێی، شاناز خان لەوانەیە خەڵك وابزانێت ئافرەتێکی سادەیە، شاناز خان ئافرەتێکی هەڵکەوتووە، لە بەریتانیا ئیش بۆ کورد دەکات، ئەگەر بێتە سەرکردایەتی هەقی خۆیەتی، باشە ئەگەر کاك قوباد یان کاك باڤێڵ یان شاناز خان بڕوانامەی هەبێت لێرە ببێتە وەزیر یان سەرکردایەتی قەیدی چییە؟

**لڤین: یەکێتیی خۆی بەهێزێکی شاری دەزانێت، بەڵام بۆچی ئەم بنەماڵەییبوونەی تیادا زاڵدەبێت؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** باشە بۆچی کەسوکاری مام جەلال بۆیان نەبێت ئیش بگرنەدەست لەکاتێکدا ئەوان زۆربەیان پێشمەرگە بوون، بۆ نموونە؛ شێخ حەمەسالّح کە برازای مام جەلالە یان ئاراس شێخ جەنگی پێشمەرگە بووە باڤێڵ و قوباد پێشمەرگەبوون.

**لڤین: دەوترێت دارایی یەکێتیی لە دەستی بنەماڵەی تاڵەبانیدایە نەک دەزگایەکی تۆکمەو شەفافو ئەوان بەئارەزووی خۆیان تەسەروفاتی پێوەدەکەن؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** هەموو حزبێك بۆ ئەوەی ئیدامە بە حزبەکەی بدات دەبێت داهاتێکی هەبێت، یەکێتیی نیشتیمانی بۆ خۆی داهاتی هەیە، هێرۆ خان هەرچی پەیدادەکاتو هەرچی دەستدەکەوێت لە کوردساتدا کە کەناڵێکی جیهانییە، سەرفیدەکات.

**لڤین: ئەگەر پارەی یەکێتیی نییە، هێرۆ خان ئەو پارەیە لە کوێ پەیدادەکات؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** هەر ریکلامی کوردساتی بەسە کە وەریدەگرێت، ئەم کوردساتەی کە دانراوە زمانحاڵی یەکێتیی نیشتیمانییە، لەوانەیە دارایی گشتی داهاتێکی بۆ دانابێت، ئیدارەی گشتی یەك کەس دەیبات بەڕێوە کە دلێری سەید مەجیدە، پارەی یەکێتیی نیشتیمانیی لە دەستی ئەودایە، پیاوێکی پاکەو زۆر دەست بە پارەوە دەگرێت، پارە بەفیڕۆنادات، جێگای متمانەی مام جەلالو هەموو حزبیشە. راستە یەکێتیی هەندێ پرۆژەی هەیە لە ناوەوەو دەرەوە، بەڵام نە مام جەلال و نە هێرۆ خانو نە قوبادو نە باڤێڵ پێویستییان بە پارە نییە، چونکە هەریەکەیان ئیشی خۆیان دەکەن. بە بنەماڵەش هەموو حزبەکان لەوە چوونەتەدەر، لە ماڵی مام جەلال کۆمەڵێك خەڵکی خاوەن بڕوانامەو زمانزان دروستبووەو دەتوانن ئیشبکەن، ئەمە بنەماڵەی پێناوترێت.

**لڤین: لەدوای وازهێنانی بەشێکی زۆری سەرکردە چالاکەکانی یەکێتیی لە سلێمانی، دەوترێت سلێمانی وازی لە یەکێتیی هێناوە؟**

**لەتیفی حاجی فەرەج:** ئەو برادەرانەی باسیاندەکەن هەموو تەمەنی خۆیان لەو شۆڕشەدا سەرفکردووە، کاتی ئەوە هاتووە پشوویەك بدەن، لەم دواییانەشدا کە تەکەتولەکان زەقبوونەوە ئەمان حەزیان نەکردووە بچنە پاڵ هیچ تەکەتولێك، ئێستاش ئەوانە سەردانی مام جەلال دەکەنو کێشەشیان نییە. ئەوانەی کە باسی سلێمانییو هەولێریی دەکەن. مام جەلال (د. بەرهەم)ی هێناوەتە پێشەوە کە خەڵکی سلێمانییە. سلێمانییەکان نەکشاونەتەوە لە یەکێتیی، ئەو برادەرانە ئیشی تریان هەڵبژرادووە.